بانکی پرسیار : دەروونزانی پەروەردەیی قۆناغی دووەم

**پ: بەبۆچوونی سکینەر دوو جۆر ڕەفتار و هەڵس و کەوت هەیە، بیانژمێرە و باسیان بکە، پاشان جیاوازی نێوانیان بنوسە؟**

**پ- ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕبکەوە:**

١- دەروونزانی زانستێکە لە .......... مرۆڤ دەکۆڵێتەوە.

٢- سێ لە مەرجەکانی فێربوون بریتین لە:.......... ، .......... ، ..........

٣- زانای ئەمریکی .......... داوای لە خەڵك کرد پرۆسە عەقلییەکانی خۆیان شیبکەنەوە.

٤- وەڵامدانەوەی مەرجی واتە .......... هەبێ .......... نەبێ.

٥- تیۆرەکەی بافلۆف چەند ناوێکی تریشی هەیە،دوو لەو ناوانە بریتین لە: .......... ، ..........

٦- .......... پێوەر و نیشانەی سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکردنە.

**پ: تاقیکردنەوەکەی بافلۆف بنووسە و هەنگاوەکانیشی بەوردی دیاریبکە**

**پ: نیشانەی ڕاست و چەوت بەرامبەر ئەمانەی خوارەوە دابنێ و چەوتەکانیش ڕاست بکەوە:**

١- ژمارە یەکی گۆڤاری دەروونزانی گشتی لە سالی ١٩١٠ دەرچوو.

٢- ولیەم ڤۆنت قوتابخانەی ڕەوشتایەتی دامەزراند.

٣- یەکەم بەرهەم لەبارەی دەروونزانی پەروەردەیی نووسرا لەلایەن بالدوینەوە بوو.

٤- جیاوازی تاکی واتە جیاوازی ژینگە و کۆمەڵایەتی و ئابووری قوتابی.

٥- دەروونزانی پەروەردەیی یەکێکە لە لقە تیۆرییەکانی دەروونزانی گشتی.

٦- پرۆسە و توانا عەقلیەکان یەکێکە لە بابەتەکانی دەروونزانی پەروەردەیی.

**پ: پێنج لە ڕۆلەکانی مامۆستا لەناو قوتابخانە بژمێرە.**

**پ- جۆرەکانی هاندەر و پاداشت لای سکینەر بە وردی تەنها بژمێرە و باشترینیان دیاریبکە بۆ بەکارهێنان و بۆچی؟ خراپترینیان دیاریبکە و بۆچی؟**

**م.ی خەڵات عبدالقهار محمد**